# ژیان میقاته لەسەر ئێوارەیەك
# كە بەختەوەر نابیت

رەگەز رەشید

چەند ئاسانە بتەوێت بەختەوەر بیت
چەند ترسناكە بەختەوەری..
ئەو دوو دێرە، تەنها لەكلتی شعر نووسین دووبارەیان دەكەیتەوە..
كە شیعر دەنووسی،
ئەتەویٚ لە بارەی ژیانێكی نویٚ بدوێیت،
كە هەر بەتەنها لەكاتی نووسینی شیعردا پێی دەگەیت..
ئەتەویٚ دەست بۆ حەرامەكان درێژ بكەیت،
وەك دەست درێژ كردن بۆ زەیتونێك لەكاتی سەرخۆشی دا،
یان دەست بردن بۆ چڵێك بەختەوەری، كە لە واقیعدا نایگەیتیٚ؟؟
من دەزانم زۆر قسە هەن،
بەس دەتوانی لە شیعردا بیڵێیت..
زۆر كۆڵان هەن،
هەر بەتەنها لە شیعردا دەتوانی بە ناویدا تێپەریت..
ئای كە چەند گوناهین؟؟
تا ئێستاش بروا دەكەین،
گوڵ، تورەبوونەكانی باران هێور دەكاتەوە..
گەلاٌ، لەسەر ئیقاعی خوداوەندەكان درووست كراوە..
ئای كە چەند ساویلكەین،
شعر بۆ یار دەنووسین..
بۆ نیشتیمان، بۆ گەیشتن بە تۆزێك بەختەوەری..

من ئەزانم لە کاتی نووسینی شیعردا،
ئازارت هەیە..
ئازارێکی قوڵ.. قوڵ
بەقەد ماڵی گومان قوڵ..
موحتاجی دۆزینەوەی بیردۆزێکیت،
تیایدا،
( پەمەیی تەنیایی ) و ( شینی جە نجاڵی ) کۆ بکرێنەوەو
هەراسانی لێدەرنەچێت..
تیایدا،
حوزن و بێدەنگی جارانی یەکتری بکرێن و
( تۆ )ی تیا دەر نەچێت..
تا ماڵی نەمری بە پێ بڕۆیت و
نەگەیت بە بۆنی یەئس..

من دەزانم، لە پاڵ یەئسێکی قوڵەوە
وەك میزاجی خوداوەندەکان قوڵ..
لە نابەینی دوو وشەی شعرێکدا،
بە دوای گەمەی بەختەوەری دەگەڕێیت..
کە شعر دەنووسیت،
لەو ئێوارە ساردەدا دەینووسیت
کە هەور هەیە، بەڵام باران نییە..
یاقووت هەیە، بەڵام نادرەوشێتەوە
چرا هەیە، بەڵام دڵت تا دووا ئەندازەی یەقین تاریکە..

من ئەزانم، تۆ ئەو کاتە شعر دەنووسیت،
کە ماندوویت لە بۆنکردنی تەنیایی،
هیلاکیت لە گوتنەوەی گۆرانیەکانی دۆڕاندن و
حەز بە خوێندنەوەی کتێبەکانی بێزاری ناکەیت..

چەند قورسە بتەوێت بەختەوەر بیت..
چەند درۆزنیت بە دوای بە ختەوەریدا بکەویت.

- من ڕۆژگارێك
لە ژیاندا بە دوای بەختەوەریدا دەگەڕام، نەوەك لە شعر..
من ڕۆژگارێکی دوور،
بۆ گەیشتن بە چلێك مەحەببەت، لە بخچەکانی واقیعدا راوی دەنکە هەنارم دەکرد
نەوەك لە باخچەکانی وەهم..
من سەردەمانێك
مندالآنە باغچەکانی ئێوەم دەکرد
بە گۆرەپانی گەمە کردن..
میزم بە کۆلآنەکاندا دەکرد و
دەنکێك ترێی سورم،
لە یەخەی کۆترێکی رەشدا
موتربە دەکرد..
وەك زاهیدێك
کە تەجەلای نوری ئیلاهی کردبێ
دەڕۆیشتم و
بە قاقاوە هاوارم دەکرد
"ئێوارە دەگەرێمەوە لاتان،
ئێوارە لە لاتان دەبم"..
وەك عاشقێکی پیر،
راوی یاقووتم پێجوانتر بوو لە نووسینی شعر..
بەدەم خواردنەوەی قومێکی شەراب،
سور سور، وەك شەراب سور
لە زەرفی نامەی تۆدا دەمنووسی
" تۆ شەڕ لە گەڵ نەمریی دەکەیت..

تۆ شەر لەگەڵ بیرچوونەوە دەکەیت.."
کەچی وەك (تۆ) لە ئێوارەیەکی تەنیا
دەست نوێژم بە ماچ کردنی گوڵێکی بچووك شکاند..
رۆژووم بە خواردنەوەی پێکێك لە وەهم،
بۆ گەیشتن بە بەختەوەریەکی زیاتر، دۆڕاند..
وەك (تۆ)
ژوورەکەم پڕ کرد لە دوکەڵی جگەرەو،
ناوم لێدەنا مەلەل..
پیاسەکانم درێژ درێژ دەکردنەوە بۆ نادیار و،
پێم دەگووت تەنهایی..
بەرامبەر کچێکی عازەب رووت و قووت دەبوومەوەو،
ناوم لێدەنا عەبەس..

-زۆر باسی عەشقمان کردو عاشق نەبووین
زۆر باسی نورمان کردو چرایەکمان بۆ دانەگیرسا..
زۆر باسی بارا نمان کردو،
کەچی نەمانوێرا بێچەتر بڕۆین..
وای کە بێزاری هەرگیز یەخەی بەر نەدایت
ئای کە دەنکە هەنارت ناسی و گەڵاَت لە جوملە نەفی کرد..
شێتانە وەك تار ژەنێکی برینندار
تارمانژەنی..
وەك سەرخۆشێك
وە موسافیرێك، کە گۆرانی سەفەری لە جانتا بێت،
تارمان ژەنی..
تاری غەریبی.. تاری نوور
تاری مردنی وەرزەکان..
لە دوورەوە ژیا نمان پڕ کرد لە سلاَو،
سلاَو دەنێرین بۆ دەرەوە

" ئەشێت لە دەرەوە ژیان هەبێت.. بەلاّم دەستمان لە دامێنی گوڵێکدا گیر بووبێت و نەوێرین جێی بهێڵین.."

ئەشێت لە دەرەوە وەرزێکی تەڕ هەبێت.. بەلاّم تۆ پەنجەرەکانت لە پۆلاّن و دەرگاکەشت لە جەهەنەم.."

-زۆر تەنیا یمان حونجە کردو

باوەشمان بۆ بیرەوەری کردەوە،

زۆر نامەمان بۆ بێزاری نووسی و

ناومان لێنان شعر..

کەچی وەك کونە پەپۆیەکی پیر،

ئێوارەمان لە روناکی دا دۆڕاند..

من ئیدی ئێوارە لەوێ نیم،

تۆ ئیدی ئێوارە لەوێ نیت

ئێوارە کۆلاّن خاڵیە لە (من).. خاڵیە لە (تۆ).. خاڵیە لە منداڵاّن..

خاڵیە لە چراو خاڵیە لە یار..

من ئیدی ئێوارە لەوێ نیم و

چیتر لەو عارفە سەرخۆشە ناچم

کە زرینگی زەنگی بەدەستەوە بێت و

بێدارتان کاتەوە لەو ژوورانەی کە لە زیندان ئەچن..

من ئیدی هیچ ئێوارەیەکی دیکە،

بە سەرخۆشی و جانتایەك گۆرانی غەریبیمەوە

کۆلاّنەکانی ئێوە رۆشن ناکەمەوە..

تۆش چیتر باغچەکان پاکژ ناکەیتەوە

لە تۆز و

گەلاّی وەریووی پایزان..

من ئیدی ئێوارە لەوێ نیم و بەختەوەر نابم..

تۆ ئیدی ئێوارە لەوێ نیت و بەختەوەر نابیت.

نیسانی 2004